# ئەمەش خواردنی من نییە



عەلی حەمە رەشید بەرزنجی
وێنە : سەرتیپ فەتاح

رۆژێکی بەهار کارا لەگەڵ ماڵی خاڵیدا چوون بۆ سەیران، دوای ئەوەی لە شوێنێکدا دانیشتن و کەمێك پشویان دا، دایکی هەندێك (گوڵەبەڕۆژە) و (فستق) ی لەسەر سفرەکە دانا. ئیتر بە دەم قسەی خۆشەوە هەموویان دەستیان کرد بە خواردنی گوڵە بەڕۆژ و فستق. تەنها خاڵی نەبێت، بە پێکەنینەوە وتی: لاییەن ئەمە خواردنی من نییە! کارا سەرنجی داو هیچ دەنگی نەکرد. کە کاتی خواردنی نیوەڕۆ هات مقەڵییان ئامادەکردو خەڵوزیان گەشانەوەو دەستیان کرد بە گۆشت برژاندن. ئەو نیوەڕۆیە هەریەکە بەدڵی خۆی گۆشتی برژاوی خوارد. تەنها خاڵی نەبێت، وتی : لاییەن ئەمەش خواردنی من نییە؟ کارا سەرنجی دا هەموو خەریکی گۆشت خواردنن، تەنها خاڵی نەبێت خەریکی خواردنی شلەی برنجە. کارا خۆی پێ نەگیرا، دوای نانخواردن چووە لای خاڵییەوە و لێی پرسی: خاڵە گیان، تۆ بۆچی لە خواردنەکانی ئێمە ناخۆیت؟ خاڵی هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: رۆڵە شیرینەکەم، کەلە تەمەنی تۆدا بووم هیچ پارێزگاری ددانەکانم نەدەکرد، هەر خەریکی شیرینی خواردن بووم و شتی رەقم پێ دەشکاندن، ئیتر هەموو ددانەکانم کلۆر بوون و کەوتن. چەند ناخۆشە ئێستا ناتوانم وەك ئێوە بە ئارەزووی دڵی خۆم شت بخۆم.